# مامۆستا جەمال پیاوێکی

# زۆر خاکیی بوو

مامۆستا جەمال تاهیری نەمر هەروەکو سەرکردەیەکی دڵسۆزو شارەزای ئەزموونو گۆڕەپانی سیاسی تێکۆشانی نەتەوایەتیو چینایەتی, مامۆستایەکی نەرمو نیانو لەسەرخۆ بوو, قسەخۆشو ڕوگەشاوە بوو, زۆرخاکیو بێفیز بوو, بەئارامو بەتوانا بوو لەئەرکەکانیدا, ئەوەندەی من ناسیبێتم لەنزیکەوە, هەمیشە حەزی لە یەکێتیو برایەتیو تەبایی بوو, هەوڵی ئەوەی ئەدا کە کەس لێی زوویر نەبێ, ئەوانەی کە تووڕە دەبوون یان زویر ئەبوون, لەحزب یان لەکەسێکی تر, ئەم خێرا دەچوو بەدەمیانەوە چ بەنامەو چ بەبینینی ئەوجۆرە کەسانە, دەستو برد ئاشتی دەکردنەوەو قەناعەتی پێدەکردن.

من وەکو زاوایەکی مامۆستا جەمال, جگە لەمە جێی متمانەو باوەڕی بووم. وە متمانەی زۆری پێم هەبوو, وەزۆر کات ئەگەر مەترسی ببوایە, شەولەماڵی ئێمە دەمایەوەومۆری یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی لەماڵی ئێمەدائەنا و ئەو کەسانەی کەدەچوونە دەرەوە لەماڵی ئێمەوە رەوانەی ئەکردن . ئەوەی لەبیرمابێ یەکێك لەوانە کەسێ شەو لەماڵی ئێمەدا مایەوە هەتا ڕەوانەکرا بۆ ناو شۆڕش مامۆستا ڕەفیق عەبدوڵڵا سەبری-بوو کەلەدەرەوە بە مامۆستا "ئەنوەر" ناسرابوو دوای ڕاپەڕینیش هەرمامۆستا ئەنوەر-یان پێ دەووت.

لەساڵەکانی 1977-1978دا, جارێکیان ناسیاوێکی من هات بۆ لام, وتی تۆ زۆربەیکات لەگەڵ مامۆستا جەمال تاهیری, شتێك هەیە پێت ئەڵێم تۆ بەو بڵێ وەکو ڕاسپاردەیەك.

وتم ئەو شتە چیە؟ وتی لەلایەنێکی ڕەسمیو شەخسی ڕایان سپاردووم کە بەمامۆستا جەمال بڵێی چی ئەوێ بۆی ئەکەین, خانووی ئەوێ ئەیدەینێ. پلەی ئەوێ ئەیدەینێ بەمەرجێ وازبهێنێ لەکاری حزبایەتی, منیش بانگم کرد بۆ ماڵی خۆمان دووقۆڵی دانیشتین, پێم وت, لەوەڵاما وتی پێی بڵێ من ئێستا وازم هێناوەو پەیوەندیم بەهیچ لایەنو گروپێکەوە نییە, دەوامی مامۆستایی خۆم دەکەم ... وەبمکەن بەوەزیر نامەوێو هیچ شتێکم ناوێ. منیش وەڵامەکەم گەیانەوە بەوکەسە... لەساڵی 1974 کەشۆڕشی ئەیلول دەستی پێکردەوە, کۆمەڵێ کتێبی بەنرخی لادانام زۆربەی زۆریان مادی بوون, بەڵام بەداخەوە زۆربەی زۆری ئەو کتێبانە تیاچوون, دوای هەرەس کە گەڕایەوە وتی کوا کتێبەکانم وتم زۆریان فەوتاونو هەندێکی بوون بەژێر گڵو بەردەوە. وتم هەندێکیان ماون و بۆم هەڵگرتووی وەدامەوە دەستی زۆر سوپاسی کردم...

ساڵی 1983 لەوکاتەدا کە ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو وە لێپرسراوی مەکتەب ڕێکخستن بوو. چەند جار نامەی بۆ ناردووم, بەڵام بەداخەوەنامەکانم هەڵ نەگرت دەمو دەست ئەم سووتان لەتاو زروفەکە, چونکە ئەوساڵە کوڕە گەورەکەی کاکە کاروان و تریفەی کچی لەماڵی ئێمەدا دای نابوون لە قوتابخانە ئەیان خوێند لە نامەکاندا ئەوەی لەبیرم بێ لە قسەنەستەقەکانیدا. نووسیبووی کاتی خۆی کەماڵیان لە بەرزنجە بووە, لەبەهارانا کانیەکان ئەتەقین, کانییەك لە نزیك شێخ عیساو شێخ موسا هەیە کە ئاوەکەی ئەتەقێ, گەڕەکی ئەوبەری شێخ عیسا کە ئەهاتن ئاوی لێبەرن هەتا ئەگەیشتنە سەرئاوەکە کانییەکە وشکی ئەکرد, واتە دەوامی نەئەکرد ئاوەکەی وشك ئەبوو, وەلەقسە خۆشەکانیدا هەمووجار ئەی وت شێخ جەلال, حزبی بەعس بوتڵێکی خاڵییە. ئاگای لەهیچ شتێك نییە. ئەگەر خۆمان چاوساغیان نەکەین.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

هەمیشە دوای دەوام واتە عەسران کە ئەمبینی سێ چوار رۆژنامەی بەدەستەوە بوو, منیش ئەموت ئەم هەموو رۆژنامەیەت بۆچییە؟ ئەی وت بۆ سفرەم ئەوێ نانی لەسەر ئەخۆین, منیش بەگاڵتەوە پێم ئەوت, ناوەرۆکەکەی پڕە لە شت, ئەویش پێئەکەنیو ئەیوت وازمان لێبێنە... وەختی ئەوجۆرە سوعبەتانە نییە, زۆرجار لەماڵی ئێمەوە تەلەفۆنی ئەکرد بۆ دەرەوە جارێکیان لەساڵی 1978دا, لەبیرمە لەگەڵ حەمەنوری دا لەماڵی ئێمەوە تەلەفونی لەگەڵ (شەهید شازاد سائیب) کردو وابزانم پیاوێکی گەورەو خراپ کوژرابوو, پێی وت کاکە شاە زەماوەنەکەی تەواو بوو زەماوەنێکی گەورەی بۆ کرا.. بەهەرحاڵ هەتا بڵێی پیاوێکی ڕەوشت بەرزو بەئەمەك و نیشتمان پەروەر بوو.

**شێخ جەلال حاجی مامەندی**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com